# وتووێژی بەڕێز مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری K21



مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی

سازدانی دیمانە: احمد صفا

بەشی سێهەم و کۆتایی

**پێک هاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی ی خەڵکی کورد (دەور و ڕاو بۆچوونی، جەنابتان لەو کات و وەسەردەمە دا چۆن بوو)؟**

لە هەر ناوچەیێکی کوردستانی ئێران کەسێکو و دووکەسی ناسراو بە هەستی کوردایەتی و تا ئەندازییێك سەر دەرچوو، بانگ کران بۆ مەهاباد لە سەرەتای خاکەلێوەی ١٣٥٨ کۆچی خۆری دا. من و عبداللە اقدامی لە بانەوە چووین دیمان جەنابی مامۆستا شێخ عزالدین مامە غەنی بلووریان و دوکتور قاسملوو کاك سەلاحی موهتەدی و غەفووری حاجی سەعید، فوادی مستەفا سوڵتانی، کوری سمایل ئاغای سمکۆ و سەنناری مامەدی و ژمارەییێکی تری لێ بوون کە من هەموویانم نەدەناسین. پێشنیارێکی هەشت مادەییان دوای باس لە سەر کردن نووسی، هەرچەند مادەی هەشت خاریج بوو لە ڕۆحی کۆبوونەوەکە وەرنگە زۆران پێ یان چاك نەبووبی بەڵام چەپی گەری بە سەر کۆبوونەوەکە دا زاڵ بوو دژایەتی شاو ئەمریکا و ئەوی پێ یان سەر بەوان بوو، ببوە شیعاری ئەو ڕۆژانە بە تایەبەت دوای ڕووداوی هەکاری. من هەر فەردێك بووم لەو کۆرە دا وەك نوێنەری بانە دەورێکی تایەبەتم نەبوو.

**بۆ لەگەڵ دەفتەری مامۆستا یەک نەبوون، پێوەندییتان لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ئەوکات چۆن بوو؟**

ئەو کات دەفتەری مامۆستا دانەمەزرابوو من و زۆرێنەی مەلای ناوچەکان لەگەڵ مامۆستا بووین ئەودەم دەفتەر و بەرپرس ئەحزاب ئاشکرا نەبوون تا پێوەندیان پێوە بگیرێ. لەگەڵ کەسانی بەر چاو ناسیاوی و دۆستایەتیم هەبوو.

**هۆی دامەزرانی سازمانی خەبات، دامەزرینەرانی کێ بوون، بۆ مامۆستا شێخ عزالدین لەگەڵ سازمانی خەبات نەبوو؟**

لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو دا گوترا کە هەرچی ئەحزابی کوردستان لە دوای ئینقلاب لە کوردستان دا کاریان دەکرد بە حیزبی دیموکراتەوە هەموو سوسیالستی بوون بە خەت جیاوازیان بوو، خەڵکی موسوڵمانی کوردستان بە بوونی مامۆستا شێخ عزالدین بەرێبەری ڕاپەرین و ڕێبەری هەیئەتی ووتوێژ دڵخۆش بوون حەزیان دەکرد کە لە کوردستان دا و لە ژێر ڕێبەرایەتی ی جەنابیان دا حیزب و ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵە ژ.ك دروست بێ. ئەو ڕۆژە کە لە کوردستان دا جەماوەر لەگەڵ مامۆستا شێخ عزالدین بوون، ئەو حیزبە لە تێکرای کوردستان دا دابین دەبوو و لەو پەری هێز دا.

مامۆستا عبدالرحمان زەبیحی ساڵی ١٣٥٨ کۆچی خۆری لە بێژوێ ی ئالان مەتنی پەیرەو و پرۆگرامی بەو جۆرە نووسی قەرار بوو کە دانیشن و مادە بە مادە لە سەری بدوێن و تەسویب کرێ و ڕای گەیێندرێ، بەڵام کەسانێك کە لە مامۆستا نزێك بوون بە حوجەتی ئەوە کە مامۆستا دەبێ بێ لایەن بێ و ڕێبەری ئایینی ی کوردستان بێ جیاوازی بمێنێ، مامۆستایان پەشیمان کردەوە، ئێمە هەر نا هومید نەبووین کە بەڵکوو مامۆستا ڕازی بێ ئەو کارە پێویستە بکرێ. لە ڕاستیدا بوونی ڕێکخراو و حیزبێکی ئیسلامی ی پێشکەوتن خواز و نەتەوایەتی ئێستیش پڕ بە پێستی کوردستانە. بەوە نیە کە ڕژیمی ئاخوندان و تاقمی ڕەشەکوژ لەلای ناشارەزایان، ئیسلامیان عەیبدار کردووە. کردەوەی ئەوان لە سەر ئیسلام نابێتە بەڵگە لە ئینتخابات دا زۆرینە دەباتەوە و دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ. ئەوە دیکتاتۆری نیە کە کەمایەسی ی، دژ بە باوەری زۆرینە، دەمی زۆرینە ببەستی و مەیدانی قسە و پێشنیاری نەدا و سوار دەسەڵات ببێ؟

کەسایەتی ی مامۆستا شێخ عزالدین لە کوردستان دا کاتی گەرانەوەی لە سەفەری تاران و مولاقاتی خومەینی، دەرکەوت کە چەندەی ڕێز هەیە لە لای میللەت، ئەو میللەتە بە بوونی زانایێکی ئایینی و کورد پەروەر و میللی دڵخۆش بوون، کە هیچ کات کوردێکی دوور لە دین و یان زانایێکی دیندار و دوور لە مەسڵەحەتی میللەت، ناگەنە ئەو پلە لە خۆشەویستی دا. ئەو دوو خاسیەتەیان لە مامۆستا شێخ عزالدین دا دەدیێ بۆیە کیلومیترێکی لە بەر حەشیمەتی زۆر کە بە پیریەوە دەهاتن بە دووسەعات بۆ نەدەبڕدرا. جەماوەری کوردستان دین و کوردایەتیان لە مامۆستا شێخ عزالدین دا دەدی بۆیە ئەو ڕێزەیان لێ دەگرت، لە کوردستانی ستەم لێ دراو دا کە خەڵکەکەی پەیرەوی ئەو ئایینە پاکەن، حیزب و ڕێکخراوی دژ بە دین و حیزب و ڕێکخراوی دینی بێ تەوەجوە بە نەتەوایەتی، کەم نرخن. دینی ئیسلامی ڕاستی لە خودا پەرستی و خۆو ورەوشتی چاك و ژیانی خۆش بۆ هەمووان و یەکسانی ی ئینسانان دەدوێ. هەموو کارێکی چاك و بەرنامەیێکی بە قازانج و بێ زیان بە مەرجی باوەر بە خودا و لە بەر خودا، دینە. خۆ ئیسلام وەك ئایینەکانی تر نیە تەنگە بەر و کەم وکوڕ بێ، ئیسلام هەموو مەسلەحەتێکی ئینسانی لە بەر چاو گرتووە. اجتماع تەنزیم دەکا لە باری دەروونی و لە باری کۆمەڵایەتیەوە. دینی خودایە و بۆ هەموو کۆمەڵگای ئینسانیەت هاتوە.

کە ئێمە ئەوەمان دەدی، حەزمان دەکرد ئەو یەکپارچەییە کە لە ڕاپەرین و لە سەرکەوتنی شۆرش دا دیمان هەر بمێنی، خەڵکی کوردستان لە یەك بەرەی جەماوەری دا داوای مافی کورد بکا و بە دروشمی دژی دین زۆرینە لە ریزی موبارەزە دەرنەکرین و پاڵیان پێوە نەندری و ڕژیم لێ یان فریو دا بۆ لای خۆیان بەرێ.

تا هاوینی ١٣٥٩ لەگەڵ دەفتەری مامۆستا ماینەوە تا ئاخری هاتینە سەر ئەوە کە جەنابیان حازر نین ئەو کارە پێویستە بە ناوی ئەوە وەبکرێ، ژمارەیێك لە پیاوانی ئایینی و شۆرشگێرانی خاوەن ئیمان، سازمانی خەبات ی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانمان پێك هێنا و لە پینجی خەرمانانی ١٣٥٩ دا ڕامان گەیاند. پێك هێنەران جوێ لە من خوا لێ خۆش بووان مەلا خدری عەبباسی، مەلا کەریمی سەییادی، سید عبداللە ئارام و چەند کەسی تر بوون. دوای تەسویب کرانی مادەکان، ئەساسنامە نووسرا. بەڵێ سازمانی خەبات ڕاگەیێندرا دەست کرا بە کاری تەشکیلاتی و کاری نیزامی ژمارەییێکی زۆری تێ ئالان چالاکی و هەڵوێستەکانی سازمان لە ڕاگەیێندرا و دا بە دەستی خەڵك دەگەیشتن.

خاوەن باوەرانی کوردایەتی ی خۆماڵی لە دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین و سازمانی خەبات دا جوێ لە تەبلیغاتی کوردایەتی و مەردم داری، لە بانە و سەردەشت و دۆڵی مەهاباد و سەقز و بۆکان و سنە و مەریوان و کامیارن قارمانانە لە بەرامبەر دژمن ڕاوستاوەن. پێشمەرگەی سازمانی خەبات لە سەرتا خوار ژیانیان یەکسانی بووە. لەگەڵ ئەسیر زۆر بە ئینسانی ڕەفتار کراوە. لە بنکەکانی سازمانی خەبات دا ژیانی دیلەکان لەگەڵ ژیانی پێشمەرگە جیاوازیی نەبووە. پێشمەرگەی سازمانی خەبات ناوبانگی قارمانیان بە کوردستان دا بلاو بۆتەوە، دەگێڕنەوە کە مام جەلال لە دیار دوکتور قاسملوو شانازی دەکا بە شەهید مامە ریشە، دوکتور قاسملوو پیشمەرگەیێکی سازمانی خەبات لە بەرامبەر دا بە شانازی دەهێنیتەوە. پێشمەرگەی سازمانی خەبات بە پەیرەوی لە فەرماندە ئازا و لی بووردووەکانیان نمونەی قارەمانی بوون دەستپاك و دڵپاك بوون.

جەنابی مامۆستا شێخ عزالدین کە بۆ خۆی ئامادەی پێك هێنانی سازمانی خەبات نەبوو نەهاتە ناو سازمان.

**ڕاتان لە سەر هەڵوێستەکانی ئەوکاتی مامۆستا شێخ عزالدین و کەسایەتی ئەو و نزیکایەتی ی ئەو لە چەپەکان چۆن بووە؟**

مامۆستا شێخ عزالدین کەسایەتیێکی ئەوەندە بەرز و بەویقاری هەبو لە جەوانیەوە، کە لە هەر جێگەیێك بووبێ لەلای مامۆستاکانی و ڕەفیق و خەڵکەوە زۆری ڕێز لێ گیراوە، دوور بووە لە هەموو خوو و ڕەوشتی نەشیاو دوور بووە لە مادیات، لەو پەڕی زرینگی و تێکۆشان دا بووە. بە فەقییەتی خاوەن ڕەئی و نەزەر بوو لە مەسائلی عیلمی دا. زانایە لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبی و هەموو علوومی ئیسلامی و تەئریخ دا قورئانی هەموو ئاگالییە و زۆر شارەزایە لە تەفسیر دا. لە هەموو ژیانی دا بێ تەماع و دڵ ئاوا ژیاوە، مەرایی ی بە دەوڵەت و ڕژیمی شا نەکردوە. کە کرا بە ئیمام جومعە خۆی هەر ئاگای لێ نەبوە، هێندی لە کەسایەتیە خاوەن نفوزەکانی مەهاباد پێشنیاریان بە دەوڵەت کردبوو حوکمی ئیمام جومعەیی بۆ هات چەند ساڵ کە ئیمام جومعە بوو دوعای بۆ شا نەکرد لە خوتبەدا. جستانی ٥٧ کە ژاندارم تەقەیان لە خەڵکی بۆکان کرد و چەند کەسێکیان شەهید کرد مەلاکانی بۆکان حازر نەببوون بۆ مەراسمی بە خاك سپاردنیان، ناردیان بە شوێن مامۆستا دا شەو هاتە بۆکان، سازمانی ئەمنیت بەیانی دێنە لای لە مزگەوت دەڵەن دەبێ سەعات شەش تەرمەکان بەرن بۆ گۆرستان مامۆستا دەڵێ: ئێوە موسلسلەکانتان قەت رووی لە مەرز نەبووە هەر رووی لە سینگی میللەت بووە، ئەوە ئێمە سەعات دە جەنازەکان دەبەینە گۆرستان کێ بەرمان پێ دەگری با بیگری. ئەمجار ڕێبەریی ڕاپەرینی ٥٧ ی کرد لە مەهاباد و دوای سەرکەوتنی شۆرش تا توانی نەی هێشت براکوژی لە نیوان ئەحزاب دا ببێ.

مامۆستا شێخ عزالدین لە بانە لە دایك بووە بە فەقییەتی کەوتۆتە ناوچەی موکوریان واش بە هۆی ویقار و لێ هاتوویی و زانست و مەتانەتی خۆی ئەو هەموو ئیحترامەی کەسب کرد.

ئەمجار ئەو شەخسیەتەی لە ڕاپەرین دا ڕەنگێکی تری گرت بۆیە ئەحزابی سیاسی لەو نزێك دەبووەنەوە، ئەویش کە شەخسیەتێکی بەرزی دینیی بێ لایەن بوو، نەدەکرا دەست بە کەسەوە بنێ و دووری لە خەڵك بکا، خیرخوای میللەتی کوردە نە مارکسیستە و نە سەرمایە دارە موسوڵمانە و عالمێکی ئایینی ی بەرزەو سەر بەرزە بەکردەوە و زانست و ئەخلاقی خۆی.

**پێوەندی سازمانی خەبات لەگەڵ هێزە سیاسیەکان لە کاتی سەرکردایەتی بەرێزتان دا یەک بە یەک باسی لێوە بکەن، چ کوردستانی و چ ئێرانی، چ هێزە ئەسلیەکان و چ ئەوەی ئینشعابیان کردوە؟**

لە وەڵامی پرسیارەکانی رابووردودا باسی پێوەندی لەگەڵ هێندێکان تا ئەندازەیێك کرا. دوای ئەوە کە لە وەڵات ئاوا بووینە کوردستانی ئەو دیو ووردەووردە تێکەڵی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بەرەوگەرمی ڕۆیی، لە کاتی ئینشعاب دا لەگەڵ هەر دووکیان دۆستایەتیمان هەبوو، لەگەڵ ڕێبەرایەتی ی شۆرشگێر دراوسێ بووین دیدنی مان بۆ هاسان تر بوو.

لەگەڵ حیزبی کمونیست هیچ هاتوو چۆمان نەبووە و ئێستیش نیمانە لەگەڵ کۆمەڵەش هاتوو چوومان لە نیوان دا بووە ئیستیش هەمانە.

لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵق دەمێکە دۆست هاوپیمانین.

**دەوری سازمانی خەبات لە ڕاپەرین ١٩٩١ باشووری کوردستان چی بووە؟**

سازمانی خەبات بەر لە ڕاپەرینیش دڵسۆزانە هاو دەردی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەو هەموو ستەمەی کە کورد لی ی کرا لە کوردستانی عێراق. لە ڕاپەرین دا وەك کورد ڕەفتارمان کردوە و دڵسۆزی زۆریامان نواندوە و خەڵکی ناوچەی رانیە و پشدەر ئاگادری بەشیکن.

**دەوری سازمانی خەبات لە شەڕی ناخۆی باشووری کوردستان چی بوو؟**

سازمانی خەبات وەك باقی دڵسۆزانی کورد هەوڵی دا کە شەر نەبێ و ڕابگیرێ، بەڵام بەقسەی کەسیان نەکرد هەڵویستی ئعلامیمان گرت دژ بەو شەرە.

**بۆ دانیشتی و بۆ ڕاستەوخۆ دوای خۆت کورەکەت دەسەڵاتی گرتە دەست؟**

من ئێستێش دانەنیشتووم، ئەندامی ناوندیم. لە کونگرەی سێ دا دوای ئاڵوگۆر لە بەرنامە دا و پەسەند کردنی بریارەکان، هەڵبژاردن کرا و بابە شێخی حوسەینی لە من و لە هەموو کاندیداکان دەنگی زۆرتر هێناوە. ئینتساب و ڕاستەوخۆ دانان لە سازمانی خەبات دانە بووە. و لە سازمانی خەبات دا کارەکان بە راوێژ و بەرا و بۆچوونی تێکرایی دەکرێ. و کۆنگرەی سیهەمی سازمانی خەبات ئەندامانی بە هەڵبژاردن دیاری کردوە و لە داهاتووش دا هەر بەو شێوە دەبێ.

**کورتە باسێکی کۆنگرەکانی سازمان لە دامەزراندنی تا کاتی دەست لە کار کیشانەوەی، خۆتمان بۆ باس بکە؟ کی بوون؟ بەرێوە بەران لە کوێ بوون؟ سەرکردایەتیەکە درا بە کێ؟**

کۆنگرەی یەکەم لە ساڵی ١٣٥٩ کۆچی خۆری لە قەڵای خەبات لە بلەکی بوو کۆنگرەی دووهەم لە ساڵی ١٣٦٧ کۆچی خۆری لە بنکەی شیبانەی پشتی رانیە بوو و تا کۆنگرەی سیهەم من بەرپرسی یەکەمی سازمانی خەبات بووم کۆنگرەی سیهەم لە ناحیەی رزگاری (تۆبزاوای) هەولێر بوو کاك بابەشێخ حوسەینی بۆ دبیر کلی سازمان هەڵبژیردرا.

**ڕای ئێوە لە سەر ئەو دابڕانانە بەگشتی لە ناو هێزەکانی ڕۆژهەڵات چییە؟**

هۆی دابڕان لە هەر حیزبێك تا ئەندازییێك جیاوازە لەگەڵ حیزبێکی تر تا لە ناوە وەبووین دو ئینشعاب لە حیزبەکان دا بوون هەردووك ئینشعابیەکان چوونە لای رژیم، چریکی ئەکسەریەت و کۆنگرەی چواریەکانی حیزبی دیموکرات. نازانم بۆ چی ئەوەتی ئاوارە بووینە ئەو بەشەی تری کوردستان ئینشعاب زۆرن. هەرچی بێ هەمووی بە زیانی بەرەی موبارەزە و بە قازانجی دژمن تەواو دەبێ. ئێمە ئارزوومان ئەوەیە رۆژێك لەتبووەکان یەك بگرنەوەو هەموو لایەنەکان لە بەرەیێکی پتەودا برایانە بۆ قازانجی کوردستان یەك بگرن.

**بەرای جەنابت بۆ بەرەییێک پێک نایێ؟ چ کاریگەرێکی هەیە؟**

زۆر هەوڵدراوە بەرە پێك بێ و تا ئێستا بێ ئاکام بووە سازمانی خەبات ئامادە بووە بۆ پێك هێنانی بەرە لەگەڵ هاوسەنگەرانی دابنیشێ. دەڵەن ئیمتیاز خوازی نا هێڵێ بەرە پێك بێ.

"کۆتایی"